# گەر وەزیری پەروەردەبام

**عەزیز ڕەئووف**
Azizrauf2003@yahoo.com

**بڕوا ناکەم هیچ وەزارەتێك هەبێت هێندەی وەزارەتی پەروەردە ئەرکەکانی گران بێت. بەو پێیەی کە پەروەردە پەیوەندی بە چارەنووسی هەمومانەوە هەیە .چونکە سیستەمی پەروەردە پەیوەندی بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە و ماڵێك نی‌یە لەم وڵاتەدا خوێندکار و مامۆستای تیا نەبێت .**

**بۆیە لێرەوە دەکرێ بپرسین بە جیاواز لە سەرجەم وەزارەتەکانی تری حکومەتی هەرێم , وەزارەتی پەروەردە بەرپرسیارێتی پەروەردەکردنی سەرجەم نەوەکانی ئایندەی لەسەر شانە ,بەڵام وەزارەتی ناوبراو وەك ئەوەی نە بای‌دیبێ و نەباران بێ خەم پاڵی لێداوەتەوە و مامۆستا و خوێندکاری داماویش چی دەکات لێی ناپرسێتەوە .**

**چواردە ساڵی ڕەبەقە حەرف لە سیستەمی پەروەردە نەگۆڕاوە , کەچی وەزیری پەروەردە باکی نی‌یە .**

**چواردە ساڵە مامۆستا بێبەش ترین توێژی ئەم کۆمەڵگەیەیە کەچی وەزیری پەروەردە ڕۆژێك نەیپرسی ئەرێ خێرە مانگانەی پۆلیسێك سێ هێندەی مەعاشی مامۆستایەکە ؟**

**چواردە ساڵە وێنەی صدام و مێژووی صدام و ئاینی صدام و کەلتوری صدام و.و.و.و بە نەوەکانمان دەفرۆشینەوە کەچی وەزیری پەروەردە بێ دەنگە .**

**من لە وەزیری پەروەردە دەپرسم چۆن بێ دەنگ دەبیت لە خۆکوشتنی ئەو هەموو خوێندکارە تەنها لەبەر گرانی پرسیاری مەنهەجە سواوەکەی پەروەردە و مانەوەیان لە کلاسەکاندا بۆ ساڵی دووەم و ترس لە ڕاسب بوون ؟**

**من لە وەزیری پەروەردە دەپرسم چەند کچ خۆیان سوتان تەنها لەبەر پێگیرانی نامەی دڵداری کەچی ئامادە نەبووی سەردانی پرسەی بنەماڵەی یەك لەو قوربانیانە بکەیت ؟**

**من لە جەنابی وەزیر دەپرسم چەند خوێندکار لە کلاسەکاندا لەبەر توند و تیژی قوتابخانەیان لە بەرچاو کەوت و جێیان هێشت کەچی بەرێزت کەست لەم دیاردەیە ئاگادار نەکردەوە ؟**

**بەڕێز جەنابی وەزیر هەر ئەم زستانە چەند خوێندکاری کچ و کوڕ لە سەر یاری شەرە تۆپەڵ سوکایەتی‌یان پێ کرا و کەچی تۆ نەك هەر هیچت نەوت بەڵکو ئامادە نەبووی سەردانی یەك لەو قوتابخانانە بکەیت و هەر هیچ نەبێ وێنەیەك لە ناو کچ و کوڕەکاندا بگریت ؟**

**بۆ یە من لێرەوە دەڵێم :**

**گەر وەزیری پەروەردەبام خۆم دەچوومە قوتابخانەکان و وێنەی دیکتاتۆرم لە کتێبەکان لێدەکردەوە و دەمسوتاند .**

**گەر وەزیری پەروەردەبام چەندین جار لە کۆبوونەوەی دوو شەممەی ئەنجومەنی وەزیران دەهاتمە دەرەوە و تاکو بڕیار بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردە دەرنەکرابا بەشداری ئەو کۆبونەوانەم نەدەکرد .**

**گەر وەزیری پەروەردەبام لە خۆپیشاندانی مامۆستایاندا لە ڕیزی پێشەوە دەبووم و بە دەستی خۆم تابووتی مردووی سیستەمی پەروەردەم هەڵدەگرت .**

**گەروەزیری پەروەردەبام هەرگیز ڕازی نەدەبووم دەسەڵاتی حزب فراوانتر بێت لە دەسەڵاتی وەزارەت .**

**گەر وەزیری پەروەردەبام کەمێك بیرم لە جیاوازی مانگانەی خۆم و مامۆستایەکی ماندوو دەکردەوە .**

**گەر وەزیری پەروەردەبام ...گەر ....گەر ....گەر**

**گەر وەزیری پەروەردەبام لە مێژ بوو ئیستیقالەم کردبوو .**